
ئاهەنگی پیتەکان

حسێن لەتیف
(دەربەندیخان)



-١-

هەنگاوت بۆ ژیان هەڵهێناوەتەوە،
وەک من هەنگاوم بۆ ژیان هەڵهێنایەوە،
لە شانۆگەری ژیان و مردندا؛
ئەکتەرێکی تەمەنت چەند کاتژمێرێکە،
منیش چەند ساڵێک!

-٢-

هاتیت،
بە تەنها.
چەند ژنێکی دراوسێتان لە پێشوازیتا بوون.
دەگەڕێیتەوە بۆ ئەو جێگایەی لێیەوە هاتیت،
چەند پیاوێکی دراوسێ بە سەرشان دەتبەن
سەیرە! هەردەڵێی ژنان خواوەندی سرووتی ژیانن
و...
پیاوانیش هی مردن.

-٣-

کتێب..
یان.. قەڵا.. بە.
ئەوەی قەڵا نەبێت، دەبێتە کاروانسەرا.
ئەوەی کتێب نەبێت، وەک شووشە هەردوو دیوی
دەبینرێت.
دانایی ئەوەیە کتێب بیت،
دانایی ئەوەیە قەڵا بیت.

-٤-

مرۆڤ شارستانێتی داهێنا،

له ناو ئەو شارستانیەتەدا، بەدوای کەمێک کاتدا
دەگەڕێت بیدزێتەوە، یان بیدۆزێتەوە، هەتا بڕواتە
باخچەی ئاژەڵان و کەمێک دڵخۆشی لە مەیموون
قەرز بکات.

-٥-

ئاژەڵێک دەناسیت
هێندەی مرۆڤ سروشتی لاقە کردبێت؟
مرۆڤ: درەختی بڕییەوە بۆ خانوو،
ئاژەڵی کوشت بۆ خواردن،
بەو جۆرە مرۆڤ سروشتی لاقە کردو پاشان فێری
پیشەسازیی لاقەکردنی ڕەچەڵەکی خۆیشی بوو.

-٦-

کۆیلایەتی، بیانوویەک بۆ یاخیبوون.
ئەڤین بیانوویەک بۆ داگیرکردن،
ئەڤینداریی شێوەیەکی نەرمی کۆیلایەتییە
مرۆڤ ستایشی دەکات.

-٧-

ڕۆژئاوا:
گومان،
پرسیار.
ڕۆژهەڵات:
تەڵقین،
دڵنیایی؛
چی دەتوانێت ئایین و فەلسەفە لەسەر خوانێک
کۆبکاتەوە؟

-٨-

دڵنیا نیت،
ڕۆژ لە کوێوە هەڵدێت؟
بەڵام دەبینیت ڕۆژهەڵات وەک ڕەژوو هەڵهاتووە.

-٩-

ئەوە تۆیت دنیا دەگۆڕێت
یان
دنیایە تۆش لە خۆیدا دەگۆڕێت؟

-١٠-

لە مەیموونی تێپەڕاند،
لەو کاتەوە گێرەی ئازار دەکات و... لە مرۆڤ
نەهات بەم دیودا.

-١١-

ئازاری چەقبەستن و...
ئازاری گۆڕان،
هەردووکیان هەر ناویان ئازارە!

-١٢-

گۆرانی دەربڕینی ئازارە،
مرۆڤ بە گۆرانی دەکەوێتە سەما،
کەواتە مرۆڤ هەبوونێکی ئازاراوییە.

-١٣-

لە هیچ شوێنێک جێگات نابێتەوە،
لە خۆتدا نەبێت.
لە نیشتمان ماندوویت؟
هەڵبێ بەرەو مەنفاکەت.
لە مەنفا ماندوویت؟
بگەڕێرەوە نیشتمانەکەت.
جیهانێکی چەند گەورەیت تۆ:
لە یەک کاتدا هەم مەنفا و.. هەم نیشتمانی
خۆتیت!

-١٤-

لە کەرنەڤاڵەکەیان هەڵدەهاتیت

به شمشێرەوە شوێنت کەوتبوون،
کەوتیت و بوویت بەژێر سمی ئەسپەکانیانەوە؛
ئێستا شمشێرەکانیان لە تەنیاییەکەتدا تەڕ بووە
کێ بوو وتی: تەنیایی ڕەنگی نییە؟
ئەوەی دەیبینیت ڕژاوە،
هیچ نییە جگە لە ڕەنگی تەنیاییەکەت.

-١٥-

درەخت ڕەگی لە زەویدایە،
بەرەو ئاسمانیش هەڵدەکشێت،
بە نیازی چییە؟
ڕەنگە بیەوێت ئەو دوو هاوڕێیە ئاشت بکاتەوە.

-١٦-

دڵت هی خۆت،
سەرت هی ئەوان،
گۆڕەپانی چ جەنگێکی گەورەیە جەستەی تۆ؟

-١٧-

لە دۆزەخ هەڵدێیت،
- بۆ نا؟
دەتەوێت بەهەشت بدۆزیتەوە،
- بۆ نا؟
هەر ئێستا گەشتەکەت دەست پێ بکە،
لەخۆتدا.

-١٨-

ژیانئاوایی لە جیهانێک دەکەیت
فرێدرایتە ناوییەوە؟
تێیدا:
گریان زۆر / گۆرانی کەم
برسێتی زۆر/ نان کەم
جەللاد زۆر / شاعیر کەم
گۆڕستان گەورە / ماڵ بچووک
گۆڕ گران/ مردن هەرزان.
تا دەتوانیت گۆرانی بڵێ
کێ ناڵێت: بەدەم گۆرانی وتنەوە،
ڕووبەرێک لەو جیهانە تاریکە ڕۆشن ناکەیتەوە
بێ ویستی خۆت فرێدرایتە ناوییەوە
بێ ویستی خۆت لێی دەبرێیتە دەرەوە.

١٥تا ١٩ی ئەیلوولی ٢٠٢٦

بانگەشەی ئەوە ناکەم پێشتر کەس ئەزموونی وەهای نەکردبێت، بەڵام وەها ئەزموونێک پێویستی بە ناولێنان و تیۆریزەکردنە. ئەم دەقانە، ناو دەنێم دەقی ئازاد، نەک لەبەر ئەوەی گومانم لە شیعربوونیان هەبێت، بەڵکوو لەبەر ئەوەی ئەم دەقانە ئازادیی ئەوەیان بە خۆیان داوە، لە شیعرەوە سەر بۆ دانایی بکێشن، لە داناییەوە خۆیان بکەنەوە بە ماڵی شیعردا.

کاتێک هەست و خەیاڵ، دەڕژێنە زمانێکی چڕ و گوشراو، دەبن بە شیعر، کاتێکیش شیعر بەوە ڕازی نابێت بە تەنیا هەست و خەیاڵ بێت، بەڵکوو پرسیاریش دەکات، دەخوازێت سەرنجی بەردەنگ، بۆ ڕاستەقینەی- بوون- ڕابکێشێت، ئاوێزانی دانایی دەبێت. بە کورتی دەقی ئازاد، ئەو دەقانە نین هەندێک ڕێسای ڕواڵەتیی نووسین بە جێ دەهێڵن، بەڵکوو ئەو دەقانەن لە ڕێگەی پرسیارەوە، ئاسۆی فراوان لە بەردەم خۆیاندا دەکەنەوە.